**دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان**
**ژمارە : ١٧/٢ لە ٢٠١٦/١١/٣**

**پاڵپشت بەماددەکانی ( پێنجەم/ حەوتەم ) و ( دەیەم/ پێنجەم ) لە یاسای دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی ڕەفتاری پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی (١):-**

مەبەست لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە ئەو مانایانەیە کە بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان _ عێراق .

**دووەم:** فەرمانبەرایەتی گشتی : ئەرك خستنە ئەستۆیەکی نیشتمانی و خزمەتێکی کۆمەڵایەتیە ئامانجی بەرژەوەندی گشتی و خزمەت کردنی تاکەکانی ناو هەرێمە بەپێی حوکمی یاسا کارپێکراوەکان .

**سێیەم:** فەرمانبەری گشتی : هەرکەسێك ئەرکێکی پێ سپێردرابێت لە پێگەیەکی فەرمانبەری یان پۆستێکی یاساکاری یان جێ بەجێکاری یان کارگێڕی یان دادوەری لە دامەزراوە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ، جا چ بەدامەزراندن بوو یان هەڵبژاردن ، هەمیشەیی بوو یان کاتی ، بەرامبەر بەکرێ بوو یان بێ بەرامبەر وە بە تایبەت ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە پۆستە باڵاکاندان لە هەرێم لە پلەی وەزیر بەرەو سەرەوە وە هەموو ئەوانەی کە کاردەکەن لەهەرسێ دەسەڵاتەکە وە دەستە سەربەخۆکان و حکومەتە خۆجێکان و شارەوانیەکان .

**چوارەم:** خێزانی فەرمانبەری گشتی : ئەوانەش خێزان و خزم و زاواکانی دەگرێتەوە لە پلەکانی یەك و دوو و سێ ، وە هەرکەسێك کە لە منداڵیەوە بەخێوی کردبێت یان لە خۆی گرتبێ بەپێی بڕیاری دادگا .

**پێنجەم:** کەسانی پەیوەندی بەهێز : ئەوانەن کە پەیوەندیەکی بەهێز دەیانبەستێتەوە بە فەرمانبەری گشتیەوە ، وەکو هاوڕێیەتیەکی تۆکمە یان هاوپیشەیەکی داکوتراو یان خۆشەویستی یان پێکەوە نیشتەجێ بوون یان بژێوی ئەدا یان پێی سپێردرابێ وە ئەو کۆمپانیا و ڕێکخراوانەی کە هەیانە یان بەشدارن یان پشکیان تێدایە یان بەرێوەی دەبەن .

**شەشەم:** گەندەڵی: هەموو کارێك یان ڕێگریکردن لە کارێك کە ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پلە و پایەی فەرمانبەرێتی بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت ماددی بێت یان مەعنەوی بۆ خودی فەرمانبەری گشتی یان بۆ کەسێکی تر .

**حەوتەم:** لایەنگیری : دەرکردنی بڕیار یان جێ بە جێ کردنی کار لە بەرژەوەندی کەسێك یان لایەنێك ، کە فەرمانبەری گشتی پەیوەندی پێوە هەبێت ، وەك پارتێکی سیاسی یان خێزان یان خێڵ یان ناوچە بەبێ ئەوەی شایستەی بێ .

**هەشتەم:** هاوسۆزی(محاباە) : پێشخستنی کەسێك یان لایەنێك بەسەر ئەوانی دیکەدا لەکاتی پێشکەشکردنی خزمەت بەشێوەیەکی ناڕەوا .

**نۆیەم:** نێوەندگیری : دەستێوەردان یان کاریگەری دروست بکات لە چوارچێوەی کەرتی گشتیدا لە بەرژەوەندی تاکێك یان کۆمەڵێك بۆ بەدەسهێنانی سوود یان خزمەت یان خێرا پێشکەشکردن بەشێوەیەکی ناڕەوا .

**دەیەم:** هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان : خۆی لە هەڵکەوتنی بارێکدا دەبینێتەوە یان بڕیارێك یان فەرمانێك یان ڕێکارێك کە فەرمانبەری گشتی دەری دەکات یان بەشدار دەبێت لەدەرکردنی کە دەبێتە هۆی هاودژبوونی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کە کاریگەری لەسەر توانا و بێلایەنی لە بڕیاردان و لەسەر شێوازی ئەنجامدانی ئەرکەکانی و بەرپرسیاریەتیەکانی دەبێت .

**ماددەی ( ٢ ):-** ئامانج لەم ڕێنماییە بریتیە لە :-

**یەکەم:** پتەوکردنی دڵنیایی و باوەڕداری بەکەرتی گشتی لە ڕێگای دانانی بنەماکانی ڕەوشتی پیشەیی و بەها بنەڕەتیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی .

**دووەم:** دۆزینەوە و گەشەپێدانی پێوەری ڕفتارەکان و ڕۆشنبیری دامەزراوەیی بۆ فەرمانبەری گشتی و فەرمانبەرایەتی گشتی بۆ دڵنیابوون لە بەجێهێنانی ڕاست و شەڕەفمەند لە فەرمانبەرایەتیە گشتیەکان.

**سێیەم:** پتەوکردنی بەهاکانی پیشەیی فەرمانبەری گشتی و گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئەرکەکانیدا و پاڵپشتی کردن و پابەندبوون پێیانەوە .

**چوارەم:** دەست گرتن بە بەرزترین پێوەرە ڕەوشتیەکان لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ وەرگرانی خزمەتگوزاری وە بەرپرسەکانی فەرمانبەری گشتی و هاوپیشەکانی بەپێی پێوەرە بنەڕەتیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی ، تاکو گەیشتن بە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییەکان .

## بەشی دووەم

## بەها بنەڕەتیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی

**ماددەی ( ٣ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بەم بەها بنەڕەتیانەی خوارەوە لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی :-

**یەکەم:** ڕێزگرتنی یاسا : لەمیانەی دەستگرتن بە سەروەری یاسا و ڕەوایی ئەو کار و بڕیار و فەرمانانەی کە لەئەستۆیدایە .

**دووەم:** دەسپاکی : لەمیانەی ڕاست ڕەوی پابەندبوون بە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان ، وە خۆلادان لەهەموو شتێك کەببێتە هۆی لەکەدارکردنی بێ لایەنی و بابەتیانەی کارکردنی ، وە نەقۆزتنەوەی دەسەڵات یان پیشەکەی یان پلە و پایەی بە مەبەستی بە دیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یان بۆ کەسێکی تر بەناڕەوایی .

**سێیەم:** شەفافیەت : لە میانەی ڕوونی لەناو پەیکەری فەرمانبەرایەتی و پەیوەندی لەگەڵ سوودمەندەکان لە خزمەتگوزارییەکان وە ئاشکراکردنی بڕیارەکان و ڕێکارەکان و ئامانجەکان و دەرئەنجامەکان تاوەکو بەردەست بێت بۆ بینینی .

**چوارەم:** یەکسانی : لە میانەی پابەند بوون بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی بەڕێگایەکی دادپەروەر و یەکسان بەبێ گوێدان بە ڕەگەزی ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت یان ئاینیان یان ڕێبازیان یان زمانیان یان لایەنگیری بیرکردنەوەیان یان سیاسی یان ناوچەیی .

**پێنجەم:** دادپەروەری : لە میانەی پابەندبوون بە فەراهەم کردنی هەلی پیشەیی یەکسان و هاندەر بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە .

**شەشەم:** دڵسۆزی : لە میانەی بە جێ گەیاندنی ئەرکەکانی بەهەموو دڵسۆزیەك وە بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانا لەپێناو باشترکردن و پێشخستن و خێرا بوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان .

**حەوتەم:** کارایی : لە میانەی هەوڵدان بۆ باشترکردنی بەکارهێنانی توانا دارایی و ماددی و مرۆیەکان ، گرێنتی بەهەدەر نەدانی داهاتە گشتیەکان ، وە ئەنجامدانی هەرکارێك کە ببێتە هۆی ڕاستکردنەوە و پێشخستنی شێوازی کارکردن .

**هەشتەم:** بابەتیانە : لە میانەی بنیادنانی بڕیار و فەرمان و ڕاسپاردەکان لەسەر شیکردنەوەی ورد بۆ وەقائیع و دۆکیۆمێنتەکان و وردبینیەکی چڕ بۆ بەڵگەکان .

**نۆیەم:** ڕاستگۆیی و ئەمانەت پارێزی : لە میانەی بەرزکردنەوەی بەهاکانی ڕاستگۆیی و دەستگرتن بە ڕوونی و ڕاشکاوی کە دەبێتە هۆی گرێنتی بنیاتنانی متمانەی بەرز لەلای ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە وە هاوپیشەکانی و ئەوانەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات .

**دەیەم:** بێلایەنی : لە میانەی لاینگیری نەکردن بۆ هیچ کەسێك یان لایەنێك یان گروپێك بەو هۆکارانەی کە پەیوەندیان نیە بە ئەرکەکانی کاری فەرمانبەرایەتی یان خزمەتگوزاری داواکراو ، وە جیاوازی نەکردن لەنێوان داواکاری خزمەتگوزاریەکان .

**یانزەیەم:** پابەندبوون (الانضباط) : لە میانەی ڕێزگرتنی کاتەکانی کارکردن و ئەنجامدانی ئەرکەکان کە پێی سپێردراوە بە ئەوپەری تواناوە و خۆدورخستنەوە لەهەر ڕەفتارێکی پێشێلکاری .

**دوانزەیەم:** لێپرسینەوە : لە میانەی لەئەستۆ گرتنی دەرئەنجامی ئەو بڕیار و فەرمانانەی کە دەریدەکات و ئەو کارە ماددی و یاساییانەی کە پێی هەڵدەستێ لە کاتی بەجێهینانی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی

**سیانزەیەم:** نایابی (التمیز) : لە میانەی ڕشتی لە قۆزتنەوەی هەموو هەلو بەردەستەکان بۆ باشترکردنی زانیاری و شارەزایی فەرمانبەرایەتیەکەی .

**چواردەیەم:** ژیانی تایبەتی : لە میانەی جیاکردنەوەی تەواو لەنێوان ژیانی تایبەتی فەرمانبەر و ئەرك و لێپرسراویەتیەکانی لەچوارچێوەی فەرمانبەرایەتی گشتی .

**ماددە ( ٤ ):-**

**یەکەم:** فەرمانبەری گشتی بەشێوەیەك ڕەفتاردەکات کە ببێتە هۆی بەهێزتر بوونی بەها بنەڕەتیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی و پاڵپشتی بۆ متمانە بوون بە دەستپاکی و ڕاستگۆیی و لێهاتویی و پیشەیی کەرتی گشتی .

**دووەم:** فەرمانبەری گشتی بنەمای یەکسانی هەموان بەرامبەر بەیاسا بەشێوەیەکی بەردەوام و دادپەروەرانە جێبەجێ دەکات و بەبێ هیچ جیاوازیەك لەنێوان تاکەکان لەهەر جۆرێك و بەهەر هۆکارێك .

**ماددە ( ٥ ):-**

پێویستە لەسەر فەرمانبەری گشتی هەڵسێ بە ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فەرمانگەکەی بە نیەتێکی پاك و ئەمانەت ودەسپاکی و بابەتی و بێلایەن بەپێی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە لەسنوری دەسەڵات و ئەرکەکانی وە خۆلادان لە گەندەڵی یان مەبەستی خراپ یان بێباکی یان سەرپێچی یاسا یان هاوسۆزی یان لایەنگیری یان نێوەندگیری یان زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەت بۆ خودی خۆی یان کەسێکی تر .

## بەشی سێیەم

## ڕەوشتە گشتیەکانی فەرمانبەری گشتی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی

**ماددە ( ٦ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێ کە بەدڵسۆزی بمێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی وە وابەستە دەبێت بەدەستوور و یاساکانیەوە و پارێزگاری دەکات لەسەر جێبەجێ کردنی بنەما یاساییەکان بەهەموو پلەکانی بەشێوەیەکی وورد

**ماددە ( ٧ ):-**

**یەکەم:** جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی لەلایەن خودی فەرمانبەری گشتیەوە دەبێت ، بەشێوەیەکی وورد و بابەتی و بێ لایەن بەمتمانە و نیەتێکی باش ، بەپێی پرەنسیپی بەرپرسیاریەتی و لێهاتویی تاکەکەسی ، بە ئامانجی بەدەست هێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکان وە ناکرێ کەسێکی تر راسپێرێت بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانی ئەگەر ئەو کەسە ڕێپێدراو نەبێت بە شێوەیەکی ڕاشکاو بەپێی یاسا یان ڕێپێدانێکی نوسراوێکی ڕاشکاو لە لایەن ئەوەی کە دەسەڵاتی یاسایی هەیە یان لە حالەتی باری چاوەڕوان نەکراودا .

**دووەم:** جێبەجێ کردنی ئەرکی فەرمانبەرایەتی و تەواوکردنی بە شێوەیەکی کت و پڕ و خێرا یان لە چوارچێوەی کاتێکی گونجاو و دیاریکراو بەپێی باشترین چالاکی .

**ماددە ( ٨ ):-**

ئامادەبوونی فەرمانبەری گشتی لە شوێنی کارەکەی لەکاتی دیاری کراو لەسەرەتای دەوامی فەرمی وە دەبێ هەموو کاتەکانی دەوامی فەرمی تەرخان بکات بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی بەشێوەیەکی باش و لێهاتوو وە جەختکردنەوە لەسەر کاریگەری و کارایی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکان بەشێوەی تاك و گروپ .

**ماددە ( ٩ ):-**

پێویستە فەرمانبەری گشتی هەڵسێ بە بەرەو پێشبردنی بەهرە و زانیارییەکانی و تواناکانی لە ڕێگای فێربون و ڕاهێنانی بەردەوام وە پێشکەش کردنی یارمەتی بۆ کەسانی تر بۆ پەرەپێدانی بەهرە و زانیارییەکانیان وە لەئەستۆگرتنی گواستنەوە و بەشداری پێکردنی زانیاری و بەهرە و توانا و شارەزاییەکان .

**مادده ( ١٠ ):-**

**یەکەم:** فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێ بەدەرکردنی پسولەی واژووکراو لەلایەن خۆی یان فەرمانبەرێکی سەربەخۆی بە وەرگرتنی داوایەکی نوسراو یان سکالاَ کە لەلایەن هەر کەسێك پێشکەش دەکرێ لەکاتی وەرگرتن وە دەبێ هەموو بانگەواز و نێردراو و پەیوەندی و نامەی ئەلکترۆنی و نامەی ئاسایی وەلاَم بداتەوە بە وەلاَمی تەواو و وورد و خێرا بەپێی توانا وە دووربکەوێتەوە لە پێشکەش کردنی زانیاری ناڕوون و ناتەواو .

**دووەم:** پسوولەی وەرگرتنی داواکاری نوسراو یان سکالاَ ئەمانە لەخۆدەگرێت ناوی ئەو فەرمانگەی کە وەریگرتووە وە ڕێگای پەیوەندیکردن پێیەوە وە ناوی فەرمانبەری وەرگر وە ناونیشانی فەرمانبەرایەتی و مێژووی وەرگرتن و خەسڵەتەکانی داواکاری یا سکالاَکە .

**سێیەم:** فەرمانبەری گشتی دەبێ دەست بکات بە وەلاَم دانەوەی ئەو داواکاری و سکالاَیە کە دەچێتە چوارچێوەی پسپۆڕیەکەی بەشێوەیەکی خێرا و بە کاتێکی دیاریکراو وە لەکاتی دواکەوتن بەبێ هیچ پاساوێك بەرپرسیارییەتەکە لەئەستۆ دەگرێت .

**چوارەم:** فەرمانبەری تایبەتمەند بە نوسینێك ئەو بنەما یاسایی و واقعیانە ڕوون دەکاتەوە کە پشتی پێبەستووە لە بڕیارەکانی وە کەسانی پەیوەندیدار دەتوانن سەیری بکەن وە تەماشای هۆکارەکانیشی بکەن وە کۆپی بکەن یان پێیان ڕابگەیەنێت لەو ماوەی لە یاسا دەقی لەسەر هاتووە یان لە ماوەیەکی گونجاو ، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێگاکانی تانەی کارگێڕی یان دادوەری .

**پێنجەم:** فەرمانبەری گشتی هەرتانە و داخوازیەك وەردەگرێت کە لە لایەن هەرکەسێك یان لایەنێك پێشکەش دەکرێت لەسەر بڕیارەکانی وە پێدانی پسولەیەك لەسەر وەرگرتنی لەگەڵ دیاریکردنی ڕێکەوتەکەی وە یەکلایی دەکاتەوە بەخێرایی یان لەو ماوەی کە دیاریکراوە بە یاسا یان بە پەیڕەو یان ڕێنمایی ئەگەر نا لەماوەیەکی گونجاو .

**مادده ( ١١ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەندە بەوەی نابێ هیچ بەڵێنێك یان پەیمانێك بدات پێچەوانە بێت لەگەڵ یاسا لە چوارچێوەی ئەرکی فەرمانبەرایەتەکەی وە هیچ زانیاریەکی ناتەواو یان ناڕوون تۆمارنەکات لە کۆتە فەرمیەکان لەبەر هەرهۆیەك بێت .

**مادده( ١٢ ):-**

فەرمانبەری گشتی ئاسانکاری دەکات بۆ کارەکانی چاودێری و ووردبینی و پشکنین کەلایەنە دادوەری یان چاودێرییە تایبەتمەندەکان پێی هەڵدەستن لە ناوەوەی فەرمانگەکەی وە هەر پەڕاوێك و تۆمارکراوەك و زانیارییەك کە لەلایەتی پێشکەش دەکات لەکاتی داواکردنی لەلایەن لێکۆڵەر یان فەرمانبەری چاودێری وە وەلاَمی ڕونکردنەوە و پرسیارەکان دەداتەوە بەبێ دواکەوتن وە دوور دەکەوێتەوە لە هەرشتێك کە تەگەرە دەخاتە پێش کارەکانیان لە پێدانی زانیاری ناڕوون و ناتەواو و هەڵە .

**مادده( ١٣ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بەهەموو پێویستیەکانی تەندروستی و سەلامەتی لەشوێنی کاری فەرمانبەرایەتی .

## بەشی چوارەم
## ڕەوشتەکانی پەیوەندی نێوان فەرمانبەرانی کەرتی گشتی

**مادده( ١٤ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرس و هاوکار و ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە بەم بەها ڕەوشتیانەی خوارەوە :-

**یەکەم:** ڕێزگرتنی لە بەرپرس و هاوکارەکانی لە کار وە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیان بەدانایی و بابەتیانە و بێلایەنانە لەکاتی گفتوگۆی زارەکی و پاراستنی ژینگەی کاری فەرمانبەرایەتی تەندروست.

**دووەم :** گوێڕایەڵ بوون بۆ بڕیار و فەرمانەکانی بەرپرسانی بە گوێرەی ڕێزبەندی کارگێڕی و جێبەجێ کردنیان وە ئەگەر سەرپێچی یاسایی تێدا بوو ، پێویستە بەنووسین ئەو بەرپرسەی ئاگادار بکاتەوە لەو سەرپێچییەی کە فەرمانی پێکراوە وە پابەند نابێت بە جێبەجێ کردنی تەنها ئەگەر بە نووسین جەختی لەسەرکردەوە وە پێویستە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمان و بڕیارانە ڕەتبکاتەوە کە بە تاوان دادەنرێت وە یاسا سزای لەسەر داناوە .

**سێیەم:** هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەرپرس و هاوپیشە و ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە وە هاوکاری کردن و یارمەتی دانیان وە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و بەشداری پێکردنیان بە شارەزایی و زانیاریەکانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەربەست و کێشەکان وە بەرەو پێش بردنی شێوازەکانی کار وە دوورکەوتنەوە لە بەهەڵە دابردن یان بەربەست دروست کردن بۆ کارەکانیان .

**چوارەم:** پابەند بوون بە هەموو ئەو شتانەی کە گەرەنتی دەکەن بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فەرمانبەرایەتی دوور لە جیاکاری و بەربەست دروست کردن و تەنگەژە و گێچەڵ و توندوتیژی و بەکارهێنانی ووشەی نەشیاو یان بێ شەرمانە .

**پێنجەم:** دوورکەوتنەوە لە گومان دروست کردن لە توانا و دەسپاکی بەرپرسان و هاوپیشە و ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە وە دوورکەوتنەوە لە هەر شتێك کە ناوبانگی کەسی و پیشەییان لەکەدار بکات ، تەنها ئەوکاتە نەبێ کە دڵنیایە لە ڕاستی و دروستیان .

**شەشەم:** ڕێزگرتنی تایبەتمەندیەکانی بەرپرسان و هاوپیشە و ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە وە دوورکەوتنەوە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو زانیاریانەی تایبەتە بە ژیانی کەسی و خێزانی کە دەکەوێتە لایەوە بەمەبەستی زیان گەیاندن پێیان .

**حەوتەم:** خۆ بەدوور ڕاگرتن بەشێوەیەکی تەواو لەهەوڵی بەدەست هێنانی هەر مامەڵەیەکی جیاکاری یان ڕەزامەندکردنی بەرپرسەکەی بەخۆ نزیکردنەوە بەشێوازی پیاهەڵدان و فێڵ و نێوەندگیری و لایەنگیری .

**مادده( ١٥ ):-** بەرپرسی کارگێڕی پابەند دەبێت بەمانەی خوارەوە :-

**یەکەم:** دەبێت نموونە بێت و چاوی لێبکرێت بە تایبەت لە ڕیزگرتن و جێبەجێ کردنی ئەو بەها ڕەفتاریانەی دەقیان لەسەر هاتووە لەم ڕێنماییە .

**دووەم:** یارمەتی دانی ئەو فەرمانبەرانەی كە ئەو بەرپرسیانە لە بەرەو پێشبردنی بەهرە و توانا كەسیەكانیان .

**سێیەم:** رێزگرتن لە مافی ئەو فەرمانبەرانەی كە ئەو بەرپرسیانە و هەڵسوكەوت كردن لەگەڵیان بە یەكسانی و دادپەروەری بەبێ پێش خستن یان جیاكاری وە جەخت كردنەوە لەسەر بەدەست هێنانی شایستە فەرمانبەریەكانیان بە شێوەی تەواو لەنێوانیاندا مافی وەرگرتنی مۆڵەت بەپێ ی یاسا .

**چوارەم:** هەڵسەنگاندنی ئەو فەرمانبەرانەی كە ئەو بەرپرسیانە بەشێوەی بابەتیانە بە گوێرەی ئەو بنەما هەڵسەنگاندنانەی كە دەقی یاسای لەسەرە .

**پێنجەم:** لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی بەشێوەی كەسی لەو فەرمان و بڕیارانەی ئاراستەی فەرمانبەرەكانی دەكات

**شەشەم:** پابەندبوون بە جەخت كردنەوەی لە فەرمان و بڕیارەكان بە نووسین هەركاتێك ئاگاداركردنەوەیەكی پێگەیشت یان تانە درا بە نووسین لە بڕیار و فەرمانەكانی لە لایەن یەكێك لە فەرمانبەرەكانی .

**حەوتەم:** رێزگرتنی ئازادییەكانی فەرمانبەرانی بە تایبەت ئازادی بیروڕا ، وە ئاگاداری دادپەروەری بێت لەكاتی لێپرسینەوە لەگەڵیان وە دوركەوتنەوە لە زیادەڕۆیی لە بەكارهێنانی دەسەڵات و پلە و پایە .

**هەشتەم:** رێزگرتنی مافی فەرمانبەرانی لە تانە لێدان لەسەر فەرمان و بڕیارەكانی بەرپرسی كارگێڕی لە بەرامبەر خۆی یان لە بەرامبەر لایەنە دادوەری یان كارگێڕی تایبەتمەند ، وە دوركەوتنەوە لە هەر رێكارێكی تۆڵەسەندنەوەی ژیان لەبەر ئەم هۆكارە .

**نۆیەم:** كاركردن لەسەر هێنانەكایەی كەشێكی فەرمانبەرایەتی لەبار وە دووركەوتنەوە لە بێ رێزی كردن بەفەرمانبەرانی یاخود گێچەڵ كردن یان بەكارهێنانی توندوتیژی یان جیاكاری بەرامبەریان .

## بەشی پێنجەم

## ڕەوشتەكانی مامەڵە كردن لەگەڵ وەرگرانی خزمەتگوزاری

**ماددە( ١٦ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بەم بنەما و ڕێسا ڕەوشتیانەی خوارەوە لە مامەڵەكردن لەگەڵ وەرگری خزمەتگوزاریەكان :-

**یەكەم:** فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بە پێشكەش كردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی كە ڕاسپێردراوە لە سەری بەكارامەیی و لێهاتوویی و مامەڵەكردن لەگەڵیان بە ڕێزگرتنی تەواو .

**دووەم:** فەرمانبەری گشتی خۆی تەرخان دەكات بۆ بەجێ گەیاندنی ئەركەكانی لە پێناو خزمەتكردنی سوودمەندبوو لەو خزمەتگوزاریانەی كە پێشكەش دەكرێت لە لایەن فەرمانگەكەیەوە وە وەڵام دانەوەی داواكاری و سكاڵاكانیان بە زووترین كات .

**سێیەم:** مامەڵەكردنی فەرمانبەری گشتی لەگەڵ وەرگرانی خزمەتگوزاری بەیەكسانی و دوركەوتنەوە لە پێشخستنی كاری كەسێك یان جیاكاری كردن لەسەر بنەمای ڕەگەز یان بیروباوەڕ یاخود ئاین یا تایفەگەری یا ئەندام بوون لە خێزانێك یاخود عەشیرەتێك یا زمان یا تەمەن یا كەم ئەندامی یا لایەنگیری سیاسی یا سەروەت و سامانی یا پۆست یاخود هەر شێوەیێكی تر لە شێوەكانی جیاكاری كردن.

**چوارەم:** خۆ بەدوور ڕاگرتن لە زیان گەیاندنی بە کەسێك یاخود کۆمەڵە کەسێك یا لایەنێك بە ڕەچاوکردنی مافەکانی کەسی تر و بەرژەوەندییە ڕەواکانی .

**پێنجەم:** گرنگی پێدانێکی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان وە سووربوون لەسەر پێشکەش کردنی هاوکاری و یارمەتی پێویست بۆیان .

**شەشەم:** ڕێگەدان بەهەر کەسێك بۆ چاوخشاندن وە بینینی بەڵگەنامەکان و پەڕاوەکان بە پشت بەستن بە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری کارا لە هەرێم .

**حەوتەم:** دزە پێنەکردنی زانیاری کەسی و خیزانی تایبەت بە وەرگری خزمەتگوزاری کەبەدەستی دەکەوێت لەکاتی هەستانی بەکاری فەرمانبەرایەتی وە خۆ بەدوور ڕاگرتن لەبەکارهێنانی ئەم زانیاریانە بۆ ئامانجی ناڕەوا یاخود زیان پێگەیاندن .

## بەشی شەشەم

## پابەندبوون بە ئاشکرا کردن و نهێنی پارێزی و مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان

**مادده( ١٧ ):-**

بنچینەی کارکردنی فەرمانبەرایەتی شەفافیەتە وە بۆ هەرکەسێك یاخود لایەنێك هەیە چاوبخشێنێتەوە بەدۆسیەکان و تۆمارەکان و پەڕاوەکان و کارەکان و ڕێکارەکان و ئەنجامەکان لە ناو کەرتی گشتی ئەگەر هیچ دەقێکی یاسایی نەبوو لەسەر نهێنی بوونی یان پەیوەست بوونی بە ژیانی تایبەتی تاکەکان .

**مادده ( ١٨ ):-**

**یەکەم:** فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بە ڕێزگرتنی تایبەتمەندییە کەسییەکان وە ڕێگری دەکات لە دزەکردنی هەر زانیارییەك کە بە سروشتی خۆی نهێنیە یاخود زانیاری کەسی لە ماوەی خزمەتی دا یان پاش تەواو بونی وە بەکار نەهێنانی یاخود کۆپی نەکردن یا نەگواستنەوەی یا لانەبردنی هەر زانیاریەك تەنها لە چوارچێوەی بەجێ گەیاندنی کاری فەرمانبەرایەتی وە بە پشت بەستن بەو دەقانەی لە یاساکان یان پەیڕەوەکان و ڕێنماییەکان دا هاتووە .

**دووەم :** نابێت هیچ فەرمان یا بەڵگەنامە یا ڕێکار یا بریار یا دۆکیۆمێنت یاخود بەڵگەی نوسراو یاخود ئەلیکترۆنی بە نهێنی دابنرێت تەنها بەپشت بەستن نەبێت بەدەقێکی ڕوون لە یاسادا ، وە لە کاتی گومان بەنهێنی دانانرێت .

**سێیەم :** فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بەهەواڵ دان لە هەر تاوانێك لە ناویدا تاوانی گەندەڵی بە لایەنەکانی لێکۆڵینەوە یان چاودێریە پسپۆریەکان هەرکات کە پێزانی ، تەنانەت ئەگەر بەبێ ئاشکرا کردنی ناسنامەی خۆشی بێت .

**مادده ( ١٩ ):-**

فەرمانبەری گشتی هەڵدەستێت بەو هەنگاوانەی کە پێویستە بۆ گرێنتی کردنی پاراستنی زانیاری نهێنی و کەسیەکان کە دەکەوێتە بەردەستی ئەمەش لە ڕێگای ڕێکارەکانی پاراستنی دژی بزربوون یاخود بەدەست هێنانی و بەکارهێنانی و دەستکاری کردن و ئاشکراکردنی تەنها بەرێگە پێدانێك نەبێت کە بە یاسا دەرچووە .

**مادده ( ٢٠ ):-**

فەرمانبەری گشتی خۆی بەدوور دەگرێت لە ڕێگری کردن لە ئاشکرا کردنی یاخود دەرخستنی هەر زانیاریەك یا دۆکۆمێنتەکی فەرمی کە پێویستە یاخود ڕێگا پێ دراوە بە بڵاوکردنەوەی یا سەیرکردنی یا بەدەستهێنانی .

**مادده ( ٢١ ):-**

فەرمانبەری گشتی خۆی بەدوور دەگرێت لە کۆکردنەوەی هەر زانیاریەکی کەسی یا خێزانی تەنها لە سنوری پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری وە دەبێت مەبەست لە کۆکردنەوەی یاخود بەکارهێنانی تەنها پەیوەست بێت بە کارەکەی یاخود چالاکی فەرمانبەرایەتی لەسنوری پسپۆڕیەکەی.

**مادده ( ٢٢ ):-**

فەرمانبەری پەیوەندیدار دەبێت زانیاری کەسی بەڕێگایەك بپارێزێت کە بتوانێت لە کاتی پێویست بە ئاسانی بەدەستی بێنێت وە کەسی پەیوەندیدار بتوانێ چاوی پیابخشێنێتەوە یا کۆپیەکی لێ وەربگرێت و داوای دەست کاریکردنی و ڕاستکردنەوەی بکات .

**مادده ( ٢٣ ):-**

**یەکەم:** جگە لەبەرپرسانی باڵا لە پۆستی وەزیر بەسەرەوە یان ئەوانەی لەو پلەیەدان ، فەرمانبەری گشتی بۆی نیە هیچ لێدوانێك یان چاوپێکەوتنەك لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئەنجام بدات کە پەیوەندیداربێت بە کاری فەرمانبەرایەتیەکەی تەنها بە ڕێگەپێدانێکی ڕوون لە لایەن ئەو بەرپرسەی کە ئەو دەسەلاتەی هەیە لە ناو فەرمانگەکەی ، جگە لەمە فەرمانبەری گشتی دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکات و لێدوان و چاوپێکەوتن ئەنجام بدات لە هەر بابەتێك کە پەیوەندی نەبێت بەکارەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی .

**دووەم :** فەرمانگە دەسپێشخەری دەکات لە دۆزینەوە و فەراهەم کردنی سەکۆی ناوخۆیی بۆ فەرمانبەرە گشتیەکان تاکو بتوانن لەوێوە ڕاو بۆچونی خۆیان لەسەر ئەو لایەنانەی کە کاری تێدا دەکەن وە کارەکانیان و پلانی ستراتیجی و سیاسەتەکانیان بخەنەڕوو .

## بەشی حەوتەم

## هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان و چالاکی سیاسی و وەرگرتنی دیارییەکان

**مادده( ٢٤ ):-**

**یەکەم:** کاتێك فەرمانبەری گشتی کەوتە ناو بارودۆخی هاودژبوونی بەرژەوەندییەکان یان ترسا لە ڕوودانی کتوپڕ بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە وە لەسەر بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆ پێویستە ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتە بەر لە ژێر ڕۆشنایی سروشت و بارودۆخی ئەم هاودژبوونەی کە دروست بووە .

**دووەم:** فەرمانبەری گشتی لەگەڵ دەست بەکاربوونی هەڵدەستێت بە ئاگادارکردنەوەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی بەنووسراو لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی کە دەکرێت هاودژبوون دروست بکات لەگەڵ ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی .

**مادده ( ٢٥ ):-**

فەرمانبەری گشتی خۆی بەدوور ڕادەگرێت لە هەر کارێك یان پیشەیەك کە هاودژی دروست بکات لەگەڵ ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی جا کارەکە یان پیشەکە بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر وە پابەند ئەبێت بە ئەنجام نەدانی هەر کارێك یان ئەرکێك کە هەستی ئەوەی لا دروست بکات کە هاودژبوونی بەرژەوەندی تێدایە .

**مادده ( ٢٦ ):-**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی دەستور ویاساکان کە ڕێگری لەچینێکی دیاریکراو لە فەرمانبەرانی گشتی دەکات لە چالاکی و کاری سیاسی یان حزبی فەرمانبەری گشتی پابەند دەبێت بەمانەی خوارەوە:-

**یەکەم:** گرێنتی ئەوە دەدات کە چالاکیە سیاسی و بۆچوونەکانی کارنەکاتە سەر متمانەی ئەو کەسانەی کە مامەڵە لەگەڵ فەرمانگەکەی دەکەن و بەرپرسەکانی و هاوپیشەکانی و ئەو فەرمانبەرانەی کە ئەو بەرپرسیانە لە توانای لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی بێلایەنی و بابەتیانە .

**دووەم:** نابێت هەڵسێ بە قۆزتنەوەی شوێنی فەرمانبەرایەتیەکەی بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکی حزبی یان سیاسی وە نابێت هەڵسێت بەهیچ چالاکیەکی سیاسی لە ناو شوێنە فەرمیەکان یان لە کاتی دەوامی فەرمی وە نابێت هەڵسێ بە بەکارهێنان یان قۆزتنەوەی موڵك و ماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندی چالاکی سیاسی یان حزبی یان بۆ مەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن .

**سێیەم :** جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی فەرمانبەرێتی بەشێوەیەکی بێلایەن و بابەتیانە و دوور لە بیروڕای سیاسی و لایەنگری حزبی .

**چوارەم:** خۆ بەدوور ڕاگرتن لە ئەنجامدانی چالاکی سیاسی یان حزبی پاڵپشت بەو یاسایانەی ڕێگری دەکەن لەم کارە بە هۆکاری تایبەتمەندی شوێنی فەرمانبەرایەتیەکەی .

**مادده( ٢٧ ):-**

**یەکەم:-** فەرمانبەری گشتی نابێت هەڵسێت بە قۆزتنەوەی پۆستەکەی یان ئەرکەکانی یان دەسەڵاتەکانی یان ئەو پەیوەندییە کەسییانەی کە بەهۆی کار و پلەوپایەی فەرمانبەرایەتی دروستی کردووە بەکاربێنێت بۆ دوورخستنەوەی زیانێك یان بۆ بەدەست هێنانی هەر خزمەت گوزاریەك یان باشیەك یان سوودەك یان قەرزەك یان دیارییەك بۆ بەرژەوەندی کەسی خۆی یان خێزانەکەی یان هەر یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی یان هەر کەسێك کە پەیوەندیەکی بەهێزی پێوە هەیە ٠

**دووەم:** فەرمانبەری گشتی یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی نابێت ڕازی بێت بەهیچ دیاریەك یان میوانداریەك یان خزمەت گوزاریەك کە فەرمانبەری گشتی بخاتە دۆخێکەوە کە کاریگەری دروست بکات لەسەر ئەرکەکانی و جێبەجێ کردنیان بە شێوەیەکی بابەتیانە یان دەکرێت کاریگەری دروست بکات لەسەر بڕیارەکانی و ناچاری بکات کە پابەند بێت بە بابەتێکەوە کە پەیوەندی بە ئەرکەکانیەوە هەیە .

**سێیەم:** فەرمانبەری گشتی دەبێت ڕوون کردنەوەی تەواو بدات بە بەڕێوەبەری ڕاستەوخۆی لە ڕێکەوتی (٣٠) ڕۆژ لە وەرگرتنی هەر دیارییەك کە بەهاکەی زیاتر بێت لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وە کێ دیاریەکەی بەخشیوە و سروشتی پەیوەندی پێوەی وە ئەگەر ئەو دیاریە بەهاکەی زیاتر بوو لە (٥٠,٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار ئەوا بەرێوەبەری ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەری سەرووی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە وە ئەگەر زیاتر بوو لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار پێویستە دەستەی دەسپاکی هەرێمی لێ ئاگادار بکرێتەوە .

**چوارەم:** دەکرێت فەرمانبەری گشتی هەر دیارییەك یان بەخشیشەك وەربگرێت لە چوار چێوەی چالاکیەکی فەرمی بە نوێنەرایەتی هەرێم یان هەر لایەنێکی فەرمی تر وە پێویستە ڕادەستی بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە موڵکی گەنجینەی گشتی هەرێم .

**مادده( ٢٨ ):-**

فەرمانبەری گشتی نابێت پۆستەکەی یان دەسەڵاتەکەی یان پلە و پایەکەی بەکار بێنێت لە ڕیکلام کردن بۆ بەرهەمێك یان خزمەت گوزاریەك کە بەشێك نەبێت لەئەرکە فەرمانبەرایەتیەکەی.

## بەشی هەشتەم
## ڕەوشتەکانی بەڕێوەبردنی موڵك و ماڵی گشتی

**مادده( ٢٩ ):-**

پێویستە لەسەر فەرمانبەری گشتی هەڵسێ بە پاراستنی سەرجەم موڵك و ماڵ و داهات و زانیارییە فەرمیەکان کە لە ژێر ڕکێفی خۆی یان لە ژێر مامەڵە پێکردن یان مامەڵە بۆ پێکردنی دابێت وە خۆی بە دوور ڕابگرێت لە بەکارهێنانی بۆ مەبەستی بەرژەوەندی کەسی خۆی یان بەدەر لەو کارانەی کە دیار کراوە ، تەنها لە سنوری یاسا یان بە پاڵپشت بە ڕاسپاردنێکی ڕوون و بەشیوەی نووسراو ئەو کارە بکات .

**مادده( ٣٠ ):-**

فەرمانبەری گشتی نابێت هەڵسێت بە لە ناوبردن یان زیان گەیاندن یان خراپ بەکارهێنانی داهات و موڵك و ماڵە فەرمیەکان یان موڵك و ماڵی بەرپرسەکەی یان هاوپیشەکانی یان هەرکەسێکی تر .

**مادده( ٣١ ):-**

فەرمانبەری گشتی گشت هۆکار و ئامرازەکانی پەیوەندییە فەرمیەکان و پۆستی ئەلیکترۆنی و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەلەفۆن لە سنووری پێویست بەکاردێنێت بۆ ڕاپی کردنی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی .

## بەشی نۆیەم
## پارێزگاری کردن لە شکۆمەندی پیشەی فەرمانبەرایەتی گشتی

**مادده( ٣٢ ):-**

فەرمانبەری گشتی پێویستە لەسەری پارێزگاری بکات لە شکۆمەندی پیشەیی لە میانەی پابەندبوون بە بەها سەرەکیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی لە ماوەی ژیانی ئاسایی خۆی ورەفتاری کۆمەڵایەتی و لە هەموو کاتێکدا

**ماددە( ٣٣ ):-**

فەرمانبەری گشتی پارێزگاری دەکات لە ڕووکاری گشتی خۆی وە جل وبەرگ بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێك وپێك لەبەر بکات وە پارێزگاری لە ناوبانگ و ڕووکاری خۆیی و ئەو لایەن و شوێنەش بکات کە کاری لێدەکات بەشێوەیەك گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی حەزی گشتی و فەرمانبەرایەتی و یاسا ونەریتە پەسەندەکانی کۆمەڵگا.

## بەشی دەیەم

## ئەرکەکانی فەرمانگە بەرامبەر فەرمانبەرانی

**ماددەی ( ٣٤ ):-**

پێویستە کارگێرییە فەرمیەکانی هەموو دەسەڵاتەکان و وەزارەتەکان ودەستە سەربەخۆکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت و حکومەتە خۆجێییەکان جێگای دادپەروەری و ڕاستی ودروستی بن لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و بەهاکانی فەرمانبەرایەتی گشتی ، وە ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرە گشتیەکان بپارێزن و ژینگەیەکی کارکردنی گونجاویان بۆ تەرخان بکەن بەپێی ئەمانەی خوارەوە :-

**یەکەم:** جێبەجێکردنی دەست پێشخەری و ڕێکارەکان بۆ ئاشناکردنی فەرمانبەران و چاو خشاندنەوەیان و قووڵ بوونەوەیان لە تێگەیشتنی بنەما ڕەوشتیەکانی فەرمانبەرایەتی گشتی و سروشتی پابەندبونەکەیان بەپێی بنەماکان وە پێیان ڕابگەیێنرێ کەوا خوو ڕەوشتی بەرز ئەرکێکی بنەڕەتیە لە چوارچێوەی فەرمانبەرایەتی گشتی .

**دووەم:** مامەڵەکردن لەگەڵ گشت فەرمانبەرانی گشتی بەشێوەیەکی دروست و دادپەروەرانە بەبێ هیچ جیاکاریکردنێکی بێ بیانوو .

**سێیەم:** دروست کردنی کەشێکی کارکردن کە تیایدا ئاسایش و دادپەروەری و تەندروستی فەراهەم بێت بە جۆرێك داواکارییە بنەڕەتی و پێداویستی و ئامانجەکانیان بەدی بێنێت .

**چوارەم:** هاندانی گیانی دەست پێشخەری کردن و داهێنان وە دابینکردنی هەل بۆ فەرمانبەرانی گشتی بۆ بەژداریکردن لەو پێشنیارانەی پەیوەندیدارن بە باشترکردنی خزمەتەکان و بەرەوپێش بردنی کار لە کەشێکی متمانەی ئالوگۆڕپێکراو وە تێگەیشتنی هاوبەش .

**پێنجەم:** هاندانی بە یەکگەیشتن و وپەیوەندی کراوە لەنێوان فەرمانبەرانی گشتی لە پێناو تاوتوێکردنی ئامانجەکان و دەست خستنە سەر ئەو بەربەستانەی کە دێتە پێشیان لەکاتی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە فەرمانبەرایەتیەکانیان وە کارکردن لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان .

**شەشەم:** گرێنتی کردنی مافەکانیان لە مووچە و دەرماڵەکانیان وە مافیان لە پێش خستن و پلە بەرز کردنەوە و سودمەندبوون لە مۆڵەت وە مافیشیان لە پێشکەشکردنی سکاڵا و تانە لێدان لە بەرامبەر لایەنی پەیوەندیدار بێ ئەوەی دووچاری ڕێکاری دەمارگیری یان تۆڵەسەندنەوە بێتەوە .

## بەشی یانزەهەم
## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی ( ٣٥ ):-**

ئەم ڕێنماییانە دادەنرێ بە ژێدەرێکی بنەرەتی لە دان پیانان بە بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی بۆ هەموو فەرمانبەرە گشتیەکان لە سەر هەموو وەزارەت یان دەستە سەربەخۆکان یان لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت پێویستە پێوەر دابنێت بۆ ڕەفتاری پیشەیی و خووڕەوشتی فەرمانبەرایەتی گشتی بەشێوەیەکی وردکار بەپێی سروشتی کارەکەی بە هەماهەنگی کردن لەگەل فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت لەدەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی( ٣٦ ):-**

فەرمانگە گشتیەکانی هەرێم واژوو بەفەرمانبەری گشتی دەکەن لەسەر بەڵێن دان بەپابەندبوونی بەحوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بەپێی ئەو نمونەیە کە دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ئامادەی دەکات وە هەڵدەگیرێت لەناو دۆسیەی کەسی فەرمانبەرەکە .

**ماددەی ( ٣٧ ):-**

**یەکەم:** فەرمانبەری گشتی کە ملکەچی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتە ، لە کاتی سەرپێچی کردنی بنەماکانی رەفتاری پیشەیی کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە سزا دەدرێت بە یەکێك لەو سزایانەی کە لە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا دەقی لەسەر هاتووە و کارپێکراوە لە هەرێم لە ژێر ڕۆشنایی قەبارە و سروشت و بارودۆخی سەرپێچیەکە .

**دووەم :** ئەو فەرمانبەرە گشتیانەی کە حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە سەریان جێبەجێ ناکرێت لە کاتی سەرپێچی کردنی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە بە پێی ئەو بنەما تایبەتەی کە ملکەچن بۆی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت .

**ماددەی( ٣٨ ):-**

فەرمانبەری گشتی پابەندە بە سەیرکردنی بەندەکانی ئەم ڕێنماییە و جێبەجێکردنی بە ووردی و کارامەیی و لێهاتوویی،وە لەسەر دەسەڵاتەکان و وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان و حکومەتە خۆجێیەکانە هەڵسن بە ئەنجامدانی دەسپێشخەری بۆ بلاوکردنەوەی وگشتاندنی و شلۆڤەکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە و دانانی ڕێکارەکان بۆ گرێنتی تێگەیشتن و پابەندبونی فەرمانبەران بە حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی( ٣٩ ):-**

ئەم ڕێنماییانە بلاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وە بە بەرکار دادەنرێ پاش تێپەڕبوونی (٦٠) شەست ڕۆژ لە بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**د. أحمد انور محمد**
**سەرۆکی دەستە دەسپاکی هەرێمی کوردستان**